# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەراسەری پەنابەرانی عێراقی

ئەردەن 15-12-2007

# پەنابەرانی کورد بە کەلەپچەو و لێدان لەرێگای فرۆکەخانەی هیسرۆوە دیپۆرتی فرۆکەخانەی عمان کران

ئاریان عەزیز پەنابەری کوردی عێراقی لەپەیوەندیەکەی تەلەفوونی بە فیدراسیۆنی راگەیاند کاتژمێر 5 ئیوارەی 14-12 خۆی و پەنابەر (حەسەن حمەد) بەکەلەپچەکراوی لە فرۆکەخانەی هیسرۆوە رەوانەی ئەردەن کران بۆ دیپۆرتکردنەوەیان بەزۆر بۆ کوردستان .

ئاریان رای گەیاند دوای ئەوەی حەسەن رازی نابێت بەزۆر بینیرنەوە دوو کارمەندی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا بەتووندی لی دەدەن وە کەلەپچەی دەکەن تا بەزۆر بیگەیەنە ناو ئەو فرۆکەیەی بەرێ دەکەوت بۆ عمان .

هەروەها ئاریان ووتی وەزعی نەفسیان زۆر خراپە ئێستا لە فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی عەمان زیندان کراون دوای ئەوەی فرۆکەی هەولێر پێشتر بەرێ دەکەوێت ئەوان دوا دەکەون ،ئەو 4 کارمەندەی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا لەگەڵیان بوون لە لەندەنەوە ئەوانیان تەسلیم بە وەزارەتی ناوخۆی ئەردەن کردوە رۆیشتوون بۆ ئۆتێل... ، بریار بووە دوای 2 سەعاتی تر بگەنەوە لایان بەلاَم ئەوە ماوەی 7 کاتژمێرە ئەوان دەست بەسەر کراون لە گەڵ کۆمەڵێك پەنابەری تر ی عێراقی لە فرۆکەخانەی عمان وە پێیان راگەیاندوون لەوانەیە بتان نێرینەوە بۆ بەغدا تا ئێستا چارەونووسی ئەم پەنابەرانە نادیارە .

ئاریان ووتی دەنگی نارەزایەتیمان بگەیەنن بە کەناڵەکانی راگەیاند دژ بە کردەوەیەکی نا ئینسانی کە بە رامبەر بە پەنابەران بەرێوەدەبرێت.

لە هەواڵی پێشو دا رامان گەیاند کە لە راگەیاندنێك لە لایەن بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عێراق و فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی وە بلاَو بۆتەوە داوا لە تەواوی رێکخراوە ئینسانی و پەنابەری و رێکخراوی لێ بوردنی نیو دەوڵەتی دەکات نامەی نارەزایەتی بنێرن بۆ وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا وداوای دەست بەجێ راگرتنی دیپۆرتی (ئاریان عەزیز) و سیاسەتی گێرانەوەی بەزۆری پەنابەران بکەن بۆ کوردستان.

دەتوانن نامەی نارەزایەتێکانتان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا بکەن بەم ژمارە فاکسە:00442070354745

IFIR:PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal,

d.jamal@ntlworld.com, Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com

Jasim Gafur: Jasm_rg@yahoo.co.uk Burhan Fatah : burhanfatah@aol.com Mobile:

07877489626 **or** 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083

www.csdiraq.com